سەماحەتی حەکیم پێشوازی لە سەرۆکی ئێرانی کرد و قووڵی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران دووپات کردەوە

ammaralhakeem.com
ammaralhakeem.com

بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە فەخامەتی سەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئێران بەڕیز دکتۆر مەسعود پزیشکیان کرد، لەم دیدارە کە بەڕێز محەمەد شیاع سوودانی و چەند سەرکردەیەکی چوارچێوەی هەماهەنگی ئامادەی بوون، سەماحەتی حەکیم قووڵی ئەو پەیوەندییەی نێوان عێراق و ئێران و سروشتی ئەو هاوبەشییانەی نێوان هەردوو وڵات هەیە لەڕووی ڕۆشنبیری و ئابووری و سیاسی و جوگرافی خستە ڕوو، لە بەر ئەوەی عێراق سنوورێکی وشکانی لەگەڵ ئێرانە هەیە کە درێژترینە بە بەراورد بە وڵاتانی دراوسێی دیکە.

سەماحەتی شانازی خۆی دووپات کردەوە بە هەموو سەردانەکانی شاندەکانی ئێران کرد بۆ ئەوەی پەیوەندی دووقۆڵی بەرەو پێشتر بچێت، دووپاتیشی کردەوە کە ئەو سەردانەی سەرۆك کۆماری ئیسلامی ئێران زۆر لە دۆسیەکان بەرەو پێش دەبات و بە بەرژەوەندی هەردوو وڵاتەکەش گرنگی زۆری هەیە.

سەماحەتی ڕوونی کردەوە کە سروشتی چلەی ئیمام حوسێن(سڵاوی لێ بێت) و رۆڵی لە نزیك کردنەوەی گەلان هەبوو، شانازی خۆیشی دەبڕی بەو خزمەتەی گەلی عێراقی پێشکەشیان کرد بە سەردانیکەرانی هەموو ڕەگەزنامەکان کرد، هەروەها پەیامەکەی سەرۆکی کۆماری ئیسلامی ئێرانی بە گەلی عێراقی و سەردانی کەرانی چلەی حوسێن بەرز نرخاند.

سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە خاڵی بەهێز لە کۆمەڵگەی عێراقی هەن، ڕوونیشی کردووە کە بوونی ئەهلی بەیت بە قورسایی ژمارەیان و بوونی مەرجەعیەتی ئاینی و دروشمە حوسێنییەکان و حەشدی شەعبی و چوارچێوەی هەماهەنگی هێز بە سروشتی عێراق دەبەخشێت.

لەکۆتاییدا سەماحەتی حەکیم ئاماژەی کرد کە ئەو دۆخە سەقامگیرییەی عێراق ئێستا پێیدا تیپەڕ دەبێت پێشتر نموونەی نەبووە، لە ڕووی ئەمنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ، هەروەها لەڕووی ڕەزامەندی میللیش لەسەر ئاستی سیاسی و حکومیدا ڕوونیشی کردەوە کە رۆڵی چوارچێوەی هەماهەنگی زۆر گرنگ بوو و بەردی بناغە بووە لە هاوکێشەی سیاسی لەڕێگەی دەرکردنی چەندین بڕیاری ستراتیژی و گرنگ کە خزمەتی گەلی عیراقی دەکات، هەوەرها ئاماژەی کرد بەو رۆڵەی عیراق لە ناوچەکە دەیگێڕێت لە نزیك کردنەوەی بۆچوونی ولاتان و رۆڵی عێراقیش لە پاڵپشتی کردنی کەیسی فەلەستین و لەسەر ئاتەکانی مەرجەعیەت و حکومەت و سیاسی و میللیشدا.